# ڤاکسێناسیۆنی کۆرۆنا لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٥/٢٩ بۆ لەدایکبووانی ساڵی ١٩٥٦ و بەر لەو ڕێکەوتە

ڕۆژی شەممە، ٢٩ی مانگی مەی ٢٠٢١ تەواوی ئەو کەسانەی لە ساڵی ١٩٥٦ یان دوای ئەو ڕیکەوتە لەدایکبووان لە ئادرێسی (Tervaharjunkatu14) بە ڤاکسێنی مۆدیرنا (mRNA) پیکوتەیان بۆ دەکرێ. دەرگەی سەرەکی لە لای حەوشەی پارگینگەکەیە.

تەنیا ئەو کەسانەی لەو تەمەنە ئاماژەی پیکرواە دان، دەتوانن کات بگرنەوە بۆ کوتانی ڤاکسێن.

بۆ کات گرتنەوە دەتوانن بە شێوەی ئانلاین لە بەستەری https://koronarokotuskemi.kehollesi.fi یان لە ڕۆژەکانی کاریدا لە ڕێگەی ژمارەی تەلەفۆنی ٠٤٠٥٨٩٠٩٩٥ کاتژمێر ٨-١١ و ١٢-١٥ دا ناونووسیی بکەن.

کاتی ڕێزێرڤ کردنی کات، پەیامێکتان بۆ دێ کە شوێنی ڤاکسێناسیۆنەکەی لێ نووسراوە.

چوونکە ڤاکسێنەکە لە باسکتان دەدرێ، هەوڵ دەن کراسیکتان کەبەر دابێ کە قۆڵەکەی بە هاسانی هەڵبدرێتەوە.

کاتی ڤاکسێناسیۆن کیلاکارت (Kelakortti) تان پێ بێ.

سرنج بدەن، کە ژەمی دووهەمی ڤاکسێنی کۆرۆنا لە ناوەندی کۆنی تەندرووستی لە نێوان ١٠ تا ٢٨ی مانگی مەی، لە ئادرێسی (Kauppakatu 22) لێ دەدرێ.

چالاکیەکانی ڤاکسێناسیۆنی کۆرۆنا لە ڕێکەوتی ٢٩ی مانگی مەی ٢٠٢١ دەگوازرێرتەوە بۆ تیرڤاهاڵی (Tervahalli).

بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر سەبارەت بە ڤاکسێناسیۆنی ڕادە تەمەنیەکانی تر و کەسانی ڕیسک هەڵگر و جێی مەترسی، دەتوانن لە بەستەری شاری کێمی و لاپەڕەی فەیسبووکی ئێمەدا بەدواداچوون بکەن. ئێمە زانیاریەکانمان زوو زوو بەرۆژ دەکەینەوە.